# دەوری میدیای دەوڵەتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پیشەسازیی کەلتووریی داگیرکەردا:

## (صدا و سیمای مرکز سنندج، مهاباد، کرمانشاه و ایلام و لرستان) و کاناڵ و ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بە داگیرکەر

زاکماد ڕۆژهەڵات

میدیای دەسەڵاتی داگیرکەر کە بە میدیای داگیرکەر ناودێری دەکەم، لەم پێناسەیە بەدەرە. ئامرازێکی ئیدیۆلۆژیکە و هەموو شتێک دەخاتە خزمەت تواندنەوەی وڵاتی داگیرکراو لە ناسنامەی خۆیدا. تەنانەت لە بازاڕ و کەلتوور و سیاسەتدا خەسار لە خۆی دەدا بۆ ئەوەی سیاسەتی بارگاوی بە ئیدیۆلۆژییەکەی لە جەماوەری داگیرکراودا پەرە بستێنێ. بۆ ئەوەی لە درێژخایەندا هەموو تێچووەکان بە تواندنەوەی وڵاتی داگیرکراو قەرەبوو بکرێتەوە.

**پێشەکی**

میدیـــا ئامرازێکـــی چەندمەبەســـتەیە و لە لایەن هەر دەســـەڵاتێکەوە بۆ ڕاکێشـــانی تاکی جەماوەر کەڵکی لێ وەردەگیرێت، یان کەڵکاژۆی لێ دەکرێت. کەڵک بەو واتایە کە مەبەستی ڕاکێشـــەری جەماوەر دەچێتەوە خزمەت جەماوەرەوە. واتە جەماوەر لە ماف و بەرژەوەندییەکانـــی ئـــاگادار دەکاتەوە و خەسارەکانی بۆ دەخاتە ڕوو و هەوڵ دەدات کۆمەڵگا بە شـــێوەی ڕاستەقینە بنوێنێتەوە. لـــە بەرانبـــەردا کەڵـــکاژۆ واتە ڕاکێشـــانی جەماوەر دەچێتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدارەوە. دەسەڵاتدار، ئەگەر لە وڵاتی خۆیدا پاوانخواز بێ، میدیا دەبێتە پاســـاوی پێشێل کردنی ماف و بەها کۆمەڵایەتییەکان و خەیانەتی دەســـەڵاتدار لـــە کۆمەڵگاکەی دادەپۆشـــێت. ئەگـــەر داگیرکەری وڵاتێکی تر بێت، لە میدیاکانیدا دەبێتە ڕزگاریدەری نەتەوەی بندەست. ئەگەر لە چوار پارچەی کوردستان ورد ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە داگیرکەرانی کوردســـتان هەم لە ئاست نەتـــەوەی خۆیاندا پاوانخـــوازن، هەم هەوڵ دەدەن کوردستانیش لە خۆیاندا بتوێننەوە. شێوەی هەڵســـوکەوتی داگیرکەران نیشانی داوە ئەو تاک و دەستەیەی کەوتووەتە بازنەی داگیرکەرەوە، وەکوو تاکێـــک لە ئەندامانی کۆمەڵگای داگیرکـــەر وەرناگیرێت. بەڵکوو دەبێتە پاشـــکۆی کەلتووری یەکدەســـتی خەسیوی کۆمەڵگای وڵاتی داگیرکەر.

میدیـــا بەســـتێنێکی چەندرەهەندییە. بـــازارە، ئیدیۆلۆژییە، سیاســـەتە، کەلتوورە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ناوەندەکەی دەبێ لە وڵاتێکـــی دیاریکراودا بێت، سیاســـەتی گشـــتیی میدیاکـــە پێملـــی سیاســـەت و بەرژەوەندیـــی ئـــەو وڵاتەیە. واتـــە ئەگەر بانگەشە بۆ ئیدیۆلۆژی، بازاڕ یان پەرەدان بە کەلتوورێک دەکات، لە بەرژەوەندیی وڵاتی خانەخوێدایـــە، بە لانیکەمـــەوە نابێ دژی بەرژەوەندیـــی نەتەوەییی ئـــەو وڵاتە بێت. ئەم پێناســـەیە بۆ میدیایەکە کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و هەنـــدێ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی کە تارادەیـــەک ئازادییان تێدایـــە و بەردەنگی میدیاکە مەودایەکی چەندنەتەوەیی و بگرە جیهانییە.

میدیای دەســـەڵاتی داگیرکـــەر کە بە میدیـــای داگیرکەر ناودێـــری دەکەم، لەم پێناســـەیە بەدەرە. ئامرازێکی ئیدیۆلۆژیکە و هەموو شتێک دەخاتە خزمەت تواندنەوەی وڵاتی داگیرکراو لە ناسنامەی خۆیدا. تەنانەت لە بازاڕ و کەلتوور و سیاســـەتدا خەسار لە خۆی دەدا بۆ ئەوەی سیاسەتی بارگاوی بە ئیدیۆلۆژییەکەی لە جەماوەری داگیرکراودا پەرە بســـتێنێ. بۆ ئەوەی لـــە درێژخایەندا هەمـــوو تێچووەکان بـــە تواندنەوەی وڵاتی داگیرکراو قەرەبوو بکرێتەوە.

میدیـــای داگیرکـــەر لـــە کۆمەڵـــگای داگیرکراودا کارگێڕەکانـــی خۆی پەروەردە دەکات. وەکـــوو گیانلەبەرێـــک کـــە لـــە جەستەی گیانلەبەرێکی تردا گەرا دادەنێت و بێچووەکانـــی بۆ گەورەبوون جەســـتەی خانەخوێ(داگیرکـــراو) دەخـــۆن و بـــە مەرگی ئەو لە جەســـتەی دێنە دەرەوە. لە ڕاســـتیدا میدیا و پەروەردەکردنی سووژەی داگیرکەر لـــە ئەندامانی وڵاتی داگیرکراودا، بەئاکادیمیســـیەن و بازاڕی و کارمەند و.... لایەنگەلێکی پیشەسازیی کەلتوورین.

پیشەســـازیی کەلتـــووری لە ســـەدەی بیســـتەم بەم لاوە، لە داڕشـــتنی سیاسەتی وڵاتانـــدا دەوری بەرچـــاوی گێـــڕاوە. وەک چۆن میدیـــا دیاردەیەکـــی چەندهۆکارە و چەندڕەهەندییە، کە دەسەڵات وەکوو ئامراز کەڵکی لێ وەردەگرێ، پیشەسازیی کەلتووری میکانیزمـــی چەندهۆکارە و چەندڕەهەندەی ڕاکێشـــانی کۆمەڵگایە بۆ ئاراســـتەیەک لە کەلتوور کە ڕێگە بە سیســـتەمی سیاســـی دەدات بە شـــێوەی نەرمەبڕانە جوگرافییای

ژێر دەسەڵاتی خۆی بحاوێنێتەوە. چ گۆڕانێک ڕوو دەدا؟ پیشەسازیی کەلتووری هەوڵ دەدات سۆنگەی ڕوانین بە ژیان لە کۆمەڵگا بستێنێتەوە و خۆی جێگیر بکات. وێنا و واتای دیاردە و ڕووداوەکان لە بەرژەوەندیی خۆیدا دەگۆڕێت. کە واتاکان گۆڕان، بە تێچووی زۆر کەمەوە تاک و کۆمەڵگا ئەو بەرنامەیە بەڕێوە دەبەن کە دەسەڵات دایڕشتووە. بۆ میناک کاتێ کوردێک شێوەژیان و هەڵسوکەوتی لاسایی کردنەوەی تاران یان بەغدا بێت و هەوڵی ئەوە بێت خۆی وەکوو ئەو لێ بکات، ناتوانێ ڕێچکەیەکی ڕزگاریخوازانە بگرێتەبەر. نێونجیی میدیا لە ئامرازە گرنگەکانی پیشەسازیی کەلتووریی داگیرکەرە.

بە سەرنجدان بە پێشینەی چالاکیی دەنگۆڕەنگی داگیرکەر لە کوردستاندا دەردەکەوێ کە ستراتێژیی تواندنەوە تەواوی ڕەهەندەکانی ناسنامەی کوردستانیی کردووەتە نیشانە.

هەرچەند بۆ بیانووبڕین هەندێ بەرنامەی نەخوازراوی بۆ شەرعییەتدان بە پیلانەکەی بڵاو کردووەتەوە- کە کاریگەریی ئەرێنییان لە ناسنامەی کوردیدا هەبووە- کە لە زمانەوە هەتا لایەنی سیاسیی ناسنامەی کوردستانی خەسارێکی وەهای لێداوە کە قەرەبووکردنەوەی ئەستەم و درێژخایەنە.

لە درێژەدا بەوردی دەچمە سەر ناوەندەکانی دەنگۆڕەنگی ئێران لە سنە، مەهاباد، کرماشان، ئیلام و لوڕستان.

دەسەڵاتی ئێرانی بۆ کوردستان، بۆ تواندنەوەی ناسنامەی کوردستانی لە خۆیدا، چەند ستراتێژیی دیاری کردووە.

**یەکەم؛** بەرتەسککردنەوەی ناسنامەی کوردستانی لەباری جوگرافییەوە.

**دووەم؛** بێ ناوەڕۆککردنی ناسنامەی کوردی و دابەزاندنی تا ئاستی خواردەمەنی و جلوبەرگ.

**سێیەم؛** داماڵینی ڕەهەندی سیاسی لە ناسنامەی کوردستانی.

ئەم سێ خاڵە یەکتری بەرهەم دێننەوە و بەهێزتر دەکەن. پاش شرۆڤەی هەر کام لەمانە ڕێکارەکانیان دەخەمەڕوو.

**۱** بەرتەسککردنەوەی جوگرافییای ناسنامەی کوردستانی بەراشکاوی ڕاناگەیەنرێت، بەڵام بە کردەوە دارشتنی بەرنامەکان ئەو ئاراستەیە ئاشکرا دەکەن. ئەگەر لە سەرەتای دەسەڵاتی پەهلەوییەوە لە پیلانەکانی ئێران بۆ بەپاشکۆکردنی کوردستان بڕوانین لە ساختەکاری و بەڵگەسازیی مێژووەوە بگرە هەتا دارشتنی نەتەوەییی ئێرانی بۆ هونەر و مۆسیقا، دەردەکەوێ کە حکومەتی ئێران وێنایەکی بەرتەسک و بێ ناوەڕۆک و خێڵەکی لە ناسنامەی کوردی نیشان دەدات و بە گۆڕینی ناوی ناوچەکان وەک «باختەران» هەوڵی ئەوەی داوە لە لایەکەوە وێنای ئێران وکوو وڵات لە زەینی جەماوەری ئەو جوگرافییایەدا جێگیر بکات و لە لایەکی ترەوە نای جوگرافییای کۆمەڵایەتیی کەلتووریی نەتەوەکانی تر بەرتەسک بکاتەوە. ئەم سیاسەتە لە بەلووچستانی ئێرانیشدا بەڕێوە دەچێت.

سەپاندنی ناوی (کردستان) وەکوو پارێزگا بەسەر ناسنامەی کوردی و «بلوچستان» بۆ کەمتر لە نیوەی جوگرافییای بەلووچستان هێمای ئەو سیاسەتەن.

هونەرمەندان و نووسەرانی پارێزگاکانی خوارەوەی کوردستان بەچڕی بانگهێشتی ناوەندی سنە دەکرێن. هاوئاست لەگەڵ ئەم پیلانە هەوڵ دەدرێت (دانشگاه کردستان) بکرێتە ناوەند و ستانداردی ئەکادێمییانەی ناسنامەی کوردستانی. هونەرمەندەکانی پارێزگای کرماشان بۆ ناوەندی سنە بانگهێشت دەکرێن (ئەوانیش بە سۆز و

حیماسەوە دێن).

لەگەڵ ئەوەدا کە هەوڵی بەرتەسک کردنەوەی مەودای ناسنامەی کوردستان دەدات، سیاسەتێکی گشتیی دەنگوڕەنگی ئێرانیش بۆ گەڕاندنی نەتەوە ژێردەستەکان بۆ لای یەکترین( کە وێناکەیشیان بەرتەسک کراوە) بە نێونجیی زمان و کەلتووری فارسی(ئێرانی) بەڕێوە دەبات. ئەگەر گۆرانیبێژێکی کرماشانی دەچێت بۆ ناوەندی سنە گۆرانی دەڵێت، لە بەرنامەی داهاتوویدا هونەرمەندێکی گیلەک یان ئازەری بانگهێشت دەکرێت. لەم هاتوچۆیە مەبەستدارەدا «حسێن سەفاییمەنش» بانگهێشتی ناوەندی دەنگوڕەنگی ئیسفەهان دەکرێت. لێرەدا پیلانێک دەردەکەوێت، ناوەندەکانی سنە و مەهاباد دەبن بە ناوەندی ناسنامەی کوردی، پارێزگاکانی تر دەبن بە پەراوێز- ناوەندی ئیلام و لوڕستان لە ئاستی فۆلکلۆردا دەمێننەوە، -فۆلکلۆرێک کە بە نازناوی (محلی)ەوە پاشکۆی ناسنامەی ئێرانییە- و ناوەندی کرماشان «بە لای دەمێکەوە» ئەگەر ناوێ لە کوردستان ببات.

ناوەندی سنە و مەهاباد لە پەراوێزی ڕەوتی سەرەکیی بەرنامەکاندا بە شێوەی تەسک و کۆنزێرڤاتیف(بەپارێزەوە) لەسەر وێژە و کەلتووری کوردی دەدوێن و ڕواڵەتێکی ئەکادێمیکیشی پێ دەدەن. ئەمە تەنیا بۆ بیانووبرینە و شاگەشکەبوونی کەسانێک کە بەرێوەی دەبەن و لە کۆتاییدا دەبن بە پشتیوانی دەنگوڕەنگی ناوەندەکەیان.

ناوەندی مەهاباد ئەرکێکی تری لەسەر شانە. ئەویش بەرین کردنەوەی کەلێنی کۆمەڵایەتیی نێوان کرمانجیی

> **میدیا بەستێنێکی چەندرەهەندییە. بازاڕە، ئیدیۆلۆژییە، سیاسەتە، کەلتوورە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ناوەندەکەی دەبێ لە وڵاتێکی دیاریکراودا بێت، سیاسەتی گشتیی میدیاکە پێملی سیاسەت و بەرژەوەندیی ئەو وڵاتەیە**

خواروو و سەرووییە. ئەم خاڵە لە پارێزگای ورمێدا ڕاوێژی بەڕێوەبەرایەتیی سەربازی-ئەمنییەتییە. هەر پارێزگایەکی کوردستان بەپێی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی و تایبەتمەندییەکانییەوە پیلانی تایبەتی بۆ دادەڕێژرێت.

**۲** بێ ناوەڕۆک کردن لەوێوە دێت کە هێزی ڕووبەڕووبوونەوەی ناسنامەی کوردی لە بەرەنگاربوونەوەی ناسنامەی داگیرکەردا دابەزێنێت. ئاستی بیرکردنەوەی تاکی کورد لە ژیانی سروشتیدا بهێڵێتەوە. لە بەرانبەردا شارە عەجەمەکان وەکوو کانگای ژیانی سەردەمییانە دەناسێنێت.

کەسایەتیی کورد بە جلی کوردییەوە کاراکتێرێکی خێڵەکی و خاڵی لە هزر و دەمارگرژی بۆ ناموس و گیانفیدای ئینقلاب و لە ڕاستیدا کۆمیک پێناسە دەکرێ. بەپێچەوانەوە، ئەکتەرێک کە نوێنەرایەتیی کەلتووری زاڵ دەکات، کاراکتێرێکی مۆدێرن، بە جلی فەرمی و ئاخاوتن بە زمانێک کە شەرعییەتی لە وشە و ڕێزمانی فارسییەوە وەردەگرێت، کاراکتێرە خێڵەکییەکە دەداتە بەر توانج و گاڵتەوە. بەردەنگی کورد پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە خێڵەکییەکەدا دەگرێت و ڕستەکانیان لە وتووێژی ڕۆژانەدا دەبێتە زاراوە. واتە نۆرمێک لە خێڵەکی بوون لە کۆمەڵگادا پەرە پێدەدرێت.

ئەو سیستەمە بەوەشەوە ناوەستێت و کاراکتێرە لۆمپەنەکە بۆ ئەنجومەنی شارەوانی و نوێنەرایەتیی مەجلیس دەپاڵێوێ. هەر چەند ڕێگەشیان پێ نادا. کۆمەڵگای پەروەردەنەکراوی کورد کە ئەم بابەتەی لێک نەداوەتەوە، تا ڕادەیەک قووڵاییی

کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کاراکتێرە دابین دەکات و داگیرکەر دیسانەوە دەست بەسەر ئەو سامانە کۆمەڵایەتییەدا دەگرێت. لێرەدا دەردەکەوێ کە کاراکتێرێک وەکوو «غوڵام» لە گرووپی « خەمرەوێن»دا چۆن دەبێ بە سووژە و دەبێتە ئەندامی شۆرای شار و شانۆکاری کۆنگرەی جاشەکان و پاڵێوراوی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و لە ئاکامدا دەبێتە تریبۆنی «ئیتلاعات»(فەرشادان) بۆ هەڵبژاردنی مەجلیس.

ڕەوتی سەرەکیی بەرنامەکان وەک خۆی دەچێتە پێش و بەردەوام هەوڵ دەدات کەسایەتیی لۆمپەن ڕابکێشێت و پیشەسازیی خۆی ببووژێنێتەوە. ناسنامەی کوردی لە دەنگوڕەنگی سنە و مەهابادا دەبێتە ژیانی لادێ و لە کرماشان و ئیلام و لوڕستاندا دەبێتە ژیانی کۆچەری. جمگەکانی ناسنامەی کوردی دەبێتە خواردەمەنی و کانیاو و جلوبەرگ و گۆرانیی فۆلکلۆر. بەرنامەی «ڕێگا» چریکەی شەو» بەزمی لادێ» و لەوانە.... میناکی ئەو پیلانەن. چوارچێوەی ناسنامەی کوردی دەشێوێنن و دەیکەنە پەراوێزی ناسنامەی ئێرانی. ئەکتەر کوردە لۆمپەنەکان لە پارێزگا کوردەکانەوە لە درامای «نون خێ»دا کۆ دەکرێنەوە. سیاسەتی پیشەسازیی کەلتووریی عەجەم بەوەوە ناوەستێت و بە دەستوپەیوەندەکانیان لە باشووری کوردستاندا، لە فیستیڤاڵی دهۆکدا خەلاتی تایبەت دەدرێتە سەعید ئاقاخانی، دەرهێنەری نون خێ.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە ناسنامەخوازی لە ئیلام و کرماشاندا ژیاوەتەوە، دەنگوڕەنگی ئیلام بەچڕی

> **پیشەسازیی کەلتووری هەوڵ دەدات سۆنگەی ڕوانین بە ژیان لە کۆمەڵگا بستێنێتەوە و خۆی جێگیر بکات. وێنا و واتای دیاردە و ڕووداوەکان لە بەرژەوەندیی خۆیدا دەگۆڕێت. کە واتاکان گۆڕان، بە تێچووی زۆر کەمەوە تاک و کۆمەڵگا ئەو بەرنامەیە بەڕێوە دەبەن کە دەسەڵات دایڕشتووە.**

لەسەر ڕاگرتنی ناسنامەی ئەو مەڵبەندە لەئاستی خێڵەکی و فۆلکلۆر و لادێییدا کار دەکات. هاوکات گوتاری ئێرانی بە زەق کردنەوەی ڕەهەندی شیعەبوونییەوە ڕێچکەی سەرەکیی ئەو ناوەندەیە. پرسیار ئەوەیە بۆ دەنگوڕەنگی کرماشان ڕێچکەی فۆلکلۆریشی نییە؟ وڵام ئەوەیە کە ناوەندی کرماشان سیاسەتی (پهلوی) بۆ بە فارس ناساندنی کرماشان درێژە پێ دەدات. دواهاتی نەخوازراوی ناوەندی کرماشان، بۆ میناک، بەرهەمەکانی مامۆستا حەسەن زیرەک بوون کە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا پێشی پێ گیراوە.

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لێرەدا تەواوکەری سیاسەتی پەهلەوییە.

**۳** داماڵینی ڕەهەندی سیاسی لە ژیانی کوردیدا- بە سەرنجدان بەوەی کە کورد لە نەتەوەکانی تری ژێردەستی ئێراندا سیاسیتر بووە- لایەنێکی ئاشکرای ناوەندەکانی دەنگوڕەنگ لە کوردستاندایە. ژیانی سروشتی، سیاسەت هەڵناگرێ و بۆیە کرۆکی واتای ناسنامەی کوردی لای داگیرکەر ژیانی سروشتییە. ئەگەر هەندێ ئەکادێمیسیەن دەهێنرێنە ناو بەرنامەکان، بەرهەمی سیستەمی پەروەردەی داگیرکەرن و مەترسییان بۆ گوتاری سەردەست نییە. زۆرتر لەوەش قسەکردنیان بە زمانێکی کوردیی ناتەواو کە ڕێزمان و وشە و ویژە زۆرتر فارسین تا کوردی، خزمەت بە ناسنامەی داگیرکەر دەکەن. ئەو کەسانەی کە بە سۆز و حیماسەوە لەسەر ئەدەبی کوردی دەدوێن، ئامیاری ئەوە هەن کە نەچنە خانەی سیاسەتی کوردستانییەوە. هەر کام لەم

تاقمانــە بە شــێوەی خۆیان ناسیاســی و دژەسیاسین. ئەمە واتا سووژەیەکی خەساو لە هەمبەر ئاپاراتووســی داگیرکەردا کە لە ڕاســتیدا کاری ئەو دەکات، نەک خزمەت بە ناسنامە و لەپێناو بەرژەوەندیی نەتەوەی خۆیدا.

لەســەر یەک ئەم خاڵانە پێمان دەڵێن کە داگیرکەر لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستان خوێندنەوەی بەردەوامی هەیە و بۆ هەر چیــن و توێژێک بەرنامەی تایبەتی دادەڕێژێت. بۆ جەماوری ئاســایی جۆرێک لە بەرنامەی بــێ بنەما کە دەورگێڕەکانیان نەخوێندەوار - بە واتای تێنەگەیشــتوو لە دۆخەکــە- و خۆبەکەمــزان و دڵخۆش بە بەرژەوەندیی ئاست نزمن.

## ئــەو کاراکتێرنەی دەچنــە خزمەت پیلانی داگیرکــەرەوە؛ لێرەدا گرنگە پۆلێنبەندییەک لەبەرچاو بگرین.

**١** دەســتەی هونەرمەنــدان وێــڕای تایبەتمەندییەکانــی ســەرەوە، بێ ئەوەی خۆیــان بزانــن و ئاگامەنــد بــن، هەندێ کەســایەتیی ئاســتخوار دەبن بە نوێنەری چینی هونەرمەنــدان و گەنج و لاوی کورد دەیانکەنە سەرچەشــن. ئەمانە خەســاریان لــە تاقمی جاشــی چەکدار زۆرتــرە. پاش دەرخســتنیان لە کــۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، دەکرێنە تریبۆنی ڕووکەشــی حیماســەی کوردی و بۆ بۆنە نەتەوەییەکان بانگهێشت دەکرێن. بە هۆی کەسایەتیی نزمەوە، حەز لە دەرکەوتن بە هەر شێوەیەک دەکەن. دەبن بە داوەری شەرەســەگ، دەبن بە تریبۆنی نوێنــەری مەهاباد و لە کۆتاییــدا دەچنە کۆڕی جاشەکانەوە. شانۆ و ئەدەب و مۆسیقا زۆر لــەم کاراکتێرانــە بەخــۆوە دەبینێت. دەســتەیەکی کەم لە دەروونەوە خۆیان بە جــاش دەزانن و بــە ڕواڵەتێکی کوردییەوە کاری بــۆ دەکەن. تاقمــی هەرەزۆریان لە خەســاری خۆیان لەسەر ناسنامەی کوردی بێ ئاگان.

**٢** ئەکادێمیســیەنی بــوارە جۆراوجۆرەکان جگە لەوانەی ئاگامەندانە زانســتی مرۆڤیی خۆیان دەخەنە خزمەت داگیرکەرەوە، هەر وەک تاقمی پێشــوو لە خەساری خۆیان بۆ ســەر ناســنامەی کوردی بێ ئاگان. زەین و هەڵســوکەوتی ئەم تاقمە بــە ئێرانچێتی گۆش کراوە و هیچ کێشــە و دژایەتییەک لەنێــوان کوردبــوون و ئێرانیبووندا نابینن. دەنگوڕەنگی فەرمی لە پارێزگا کوردییەکاندا پڕە لەم کاراکتێرە.

٣- ئــەو خوێندەوارانــەی کــە ئاگامەندانە پەرە بە گوتاری ئێرانچێتی لە کوردســتان دەدەن لە دوو تاقمی پێشوو مەترسیدارترن. ئەمانــە دەزانن چی دەکەن، بەڵام لەژێرەوە و ناڕاســتەوخۆ هــەوڵ دەدەن گوتــاری نەتەوەخوازیی کوردســتان بشــێوێنن و بە لاڕێیدا بەرن. جاشقەڵەم، جاشــی گوتاری داگیرکەر، ناووناتۆرەیەکە لەم تاقمە دەدرێت. ئەمانە خۆیان بە چەپ (سۆسیالیست) دەزانن، بەڵام پرۆژەکانی نوێنەرایەتیی ڕێبەری ئێران و ناوەندە ئەمنییەکان جێبەجێ دەکەن. ئەم کارە گریمانەیــەک زەق دەکاتــەوە کە لە ڕاستیدا ڕاوێژکارانی پیشەسازیی کەلتووریی داگیرکەر بۆ کوردستانن.

## پۆلێنبەندیی تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کارگێڕیی پیلانی داگیرکەر

ئەوەی تا ئێســتە ئاماژەی پێ کرا لە کاناڵ و تۆڕە جۆراوجۆرەکانی سەر بە داگیرکەردا ڕەنــگ دەداتــەوە. کارکردی ئــەو کاناڵانە تەواوکــەری ئــەو ئەرکەیــە کــە میدیای فەرمیــی داگیرکەر بەجێــی دێنێ. بۆ وێنە جاشقەڵەمــەکان پەیــج و کاناڵی خۆیان هەیە. ئەرکی شارەزایانی بواری میدیایە کە بەم چەند ڕســتەیە نەوەستن و بەردەوام لە پۆلێنبەندییەکــەی خــوارەوە ورد ببنەوە و

کارگێڕانی داگیرکەر لەقاو بدەن.

### کۆمەڵگای کوردستان ڕووبەڕووی چەند جۆر پەیجـــی کۆمەڵایەتیی کارگێڕیی داگیرکەر بووەتەوە کە بریتین لە:

■ ١ پەیـــج و کەناڵـــی فەرمی کـــە وێرژێنی دەنگوڕنگـــی حکومەتـــی ئێـــران لـــە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن. بۆ میناک، هەر شارێک کاناڵ و سایتی تایبەت بە خۆی بە نازناوی «ڕووداو»ەوە هەیە. هەر لایەنێکی مافیایی ناو حکومەتی ئێران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نوێنەری خۆیان هەیە کە وێڕای سیاسەتی گشتیی حکومەت، بۆچوون و بانگەشەی ئەو لایەنەش بڵاو دەکەنەوە. ڕیفۆرمیســـتەکان، باڵە جیاوازەکانی ســـپا، ناوەندە ئەمنییەکان و....لە پازڵێکی گشـــتیدا یـــەک دەگرنەوە کە لە دەورگێڕانیشـــیان لـــە میدیادا ڕەنگ دەداتەوە.

■ ٢ پەیجـــی بـــێ خـــاوەن؛ ئـــەم پەیجانە سیاسەتەکانی ڕژیم بە پێی هەر پارێزگایەک بەڕێوە دەبەن. چەند میناک مەبەســـتەکەم ڕوون دەکاتەوە. لە پارێزگای ورمێ هەندێ کانـــاڵ بە ناوی کوردەوە پـــەرە بە گرژی و ئاڵۆزیـــی نێوان کورد و تـــورک دەدەن. بە وردبوونـــەوە لێیان دەردەکـــەوێ کە هیچ ڕەگەیەکـــی نەتەوەیی تێدا نییە، زمانەکەی فارســـییە- چەند سترانی کوردی و هەندێ دروشم و هێما کە بە بەستێنەکە ناکەوێ- و دژایەتیـــی تـــورکان ڕێچکەکەیەتـــی. وێرژێنـــی تورکییەکانیش هەر ئەم پێکهاتە و کارکردەیـــان هەیە، واتـــا دژایەتیی کورد دەکـــەن. ئـــەم کاناڵانە ڕاســـتەوخۆ پیلانی ناوەندە ســـەربازی- ئەمنییەکانی پارێزگای ورمێـــن. وێڕای ورمێ، لـــە ناوچەکانی تردا هەندێ پەیـــج و کاناڵ هەیە کە بە کردەوە ئاستی ناســـنامەی کوردی دادەبەزێنێت و وەکـــوو ژیانێکی سروشـــتی دەینوێنێتەوە. (سێ ستراتێژیی پێشتر وتراو) ڕاستە هەندێ تاکەکەســـی کوردینەزان و تێنەگەیشتوو حـــەز لە دەرکەوتن دەکەن و پەیج و کاناڵ دەکەنـــەوە، بـــەڵام تێچـــووی درێژخایەنی هەندێکیان لە ئاســـتی تاکەکەس دەچێتە سەرێ و دیارە بە پڕۆژە کار دەکات.


■ ٣ کانـــاڵ و کۆمەڵێک پەیـــج کە بەڕواڵەت دژایەتیی ئێـــران دەکەن، بەڵام ئەوەندە بێ بنەمـــا و بێ ئەخلاق و بێ پرەنســـیپن کە بەپێچەوانە شەرعییەت لە ڕەوتی نەتەوەیی دەســـتێننەوە و شـــەرعییەت بە حکومەتی ئێران دەدەن.

■ ٤ ئەو کاناڵ و پەیجانەی لە خزمەتی ئێرانی کەلتووری(ایران فرهنگی)دان. پیشەسازیی کەلتووریی ئێران لە خزمەت سەپاندنی ئێرانی کەلتووریدایە. کوردی هـــەر چوار پارچەی کوردستان، تاجیکســـتان، ئەفغانستان و ... جوگرافیای ئێرانی فەرهەنگین. ئەو مەیدانەی ئێران بـــە دڵی خۆی تەراتێنی تێدا دەکات، ناســـنامە و جوگرافییای کوردستانە. ڕەوتە پێشمۆدێرنەکان وەکوو تەریقەت، ئیسلامی سیاســـی، ڕەوتە چەپە دژەنەتەوەیییەکان، ناوچەگەری، ژیانەوەی ناســـنامەی خێڵەکی و سازکردنی پێناســـەی خێڵەکیی ساختە. هەنـــدێ لـــە پیلانەکانـــی دژ بـــە ڕەوتی نەتەوەخـــواز- ڕزگاریخـــوازی کوردســـتان کە لە هـــەر چوارپارچەی کوردســـتاندا لە هونـــەرەوە تا سیاســـەت خەریکـــە بەڕێوە دەچێت. مۆســـقا و ئەدەب و کەســـایەتی و هێما نەتەوەیییەکان پێناسەیەکی ئێرانییان پێ دەدرێت. ئەو کاناڵانەی کە لە بەستێنی ئێرانی فەرهەنگیـــدان، زۆربەیان بێ ئاگا و هەندێکیان ئاگامەندانە کار دەکەن.

### ڕێکارەکانی ئەم پیلانگەلە کە میدیای فەرمی و کاناڵ و پەیجەکانی ســـەر بە ئێران کاری پێ دەکەن، بریتین لە؛

■ شێواندنی زمانی کوردی؛

■ شـــێواندنی پێناســـەی هونـــەر و ئەدەبی



کوردی و بە محەللی ناساندنی لە ئاست هونەر و ئەدەبی فارسیدا؛

- پەراوێزخستنی هزر و زەقکردنەوەی سۆز و دەمارگرژی؛
- بەناوەند ناساندنی ناسنامەی عەجەمی؛

تەنیا ڕێگەچارە بەرواوەژوو کردنی ئەو میکانیزمەیە، واتا:

- داکۆکی لەسەر زمانی کوردی بە هەموو شێوەزار و زاراوەکانییەوە و، پاراستنی سەربەخۆیی ڕێزمانی کوردی لەبەرانبەر زمانی دراوسێکاندا؛
- پەرەدان بە ڕامان و بیرکردنەوە لە پرس و کێشە مۆدێرنەکانی کۆمەڵگا؛
- پێناسەکردنی هونەر و ئەدەب و کەلتووری کوردستانی وەکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆ؛

ئەم پلانە باوەڕبەخۆبوون لە تاک و جەماوەری کورددا دەبووژێنێتەوە و، بنەمای ناسنامەی سەربەخۆی کوردی دادەمەزێنێت.

## ئاکام

لەم لێکدانەوەیەدا بەو دەرهاویشتە دەگەین کە ئاپاراتووسی عەجەم لەهەمبەر ناسنامەی کوردستانیدا دوو هەڵوێست دەگرێت. یەکەم، لە هەر هەل و دەرفەتێکدا هەوڵ دەدات ناسنامەی کوردی بتوێنێتەوە. دووهەم، ئەگەر نەتوانێ بیسڕێتەوە، چوارچێوەکەی دەشێوێنێ، کاکڵ و ناوەرۆکەکەی بەتاڵ دەکاتەوە، بە سروشتی و ناسیاسی دەکات و لە ڕێگەی دامودەزگا ئیدیۆلۆژیکەکانییەوە و بە نێونجیی سووژەی داهێزراوی کوردەوە، دەرخواردی کۆمەڵگای کوردستانی دەدات. پێویستە لایەنە سیاسی و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کوردستان، چوارپارچە بەگشتی و ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، وریای سیاسەتە کەلتوورییەکانی ئێران بن. بۆ ئەوەی خاڵی سیاسەتی کەلتووری وێڕای سیاسەتە ناوەندخوازەکانی دیکە حکومەتی ئیسلامیی ئێران بە حکومەتی پەهلەوی دەبەستێتەوە. کوردستان ڕووبەڕووی پێکهاتەیەک لە دەسەڵاتە و ڕەنگە ڕەنگ بگۆڕێ، بەڵام هەڵوێستەی داگیرکاری و چەوسانەوەی لەهەمبەر کوردستان هەردەم چەندرەهەندیتر و قووڵتر و نەرمەبڕانەتر دەبێتەوە. بەڵام لەپشت ئەم سیاسەتەوە هێزی توندوتیژیی ڕووتیش ئامادەیە.